دۆخی جیهانی ی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەوە

نووسینی : د. م. س. لازاریف   وەرگێرانی : د. کاوس قەفتان

بەشی یەکەم

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ، مەسەلەی کورد بووە مەسەلەیەکی جیهانیو لەوەدا نەما کێشەیەکی ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی یاخود ئێران بێت .

هەر لە سەرەتاوە ، کاتێك دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی وەك بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵەمانیاو رووسیاو نەمساو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یاپۆنو ئیتالیا ، گەیشتنە ئەوەی خۆیان بۆ زۆرانبازیو شەڕ ئامادە بکەن ، بە نیازی دابەش‌کردنی جیهان لە ناو خۆیانا ، لەو ساتەوە سیاسەتی ئیمپریالیستیو کۆلۆنیالی لە رۆژهەڵاتی نزیکدا چووە دەورێکی نوێوە . ئەگەر جاران رووسیاو بەریتانیا بەینیان خۆش‌نەبوو ، بەڵام ئەڵەمانیا هاتە مەیانەوەو بووە دوژمنو مونافیسی بەریتانیا ، ئەو دەوڵەتەی لە دووا چل ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمداگورجو چالاکانە هەنگاوی بەرەو پێشکەوتنی ئابووریو جەنگیی نابوو . رووسیای قەیسەریش کە لە مەیانی پێشکەوتندا لە دووای دەوڵەتە ئەورووپاییەکانەوەبوو ، مەترسیی‌یەکی ئەوتۆی لەم ناوچەیەدا بۆ بەریتانیا نەبوو . بەڵام رووسیا بەو سامانە زۆرەیو ژمارە گەورەکەی دانیشتوانی وڵاتەکەی ، وای لیٚ‌هات تای تەرازووەکەی قورس‌بێتو ببێتە هاوڕێو هاوپەیمانی بەریتانیاو بە جووتە لە رووی مەترسیی ئەڵەمانیا راوەستن ، مەترسیی ئەو ئەڵەمانیایەی لە ساڵی ١٨٩٠دا لە رۆژهەڵاتی نزیکدا پەرەی سەندبوو . ئەم دەسەڵات پەیدا کردنەی ئەڵەمانیا بەریتانیاو فەرەنسای ناچارکرد واز لە مەبدەئە کۆنەکەی خۆیان بهێنن کە بریتی بوو لە (پاراستنی یەکێتی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی) . (ئەو مەبدەئەی بەو نیازو ئامانجە دانرابوو دەوڵەتی عوسمانی ببێتە دیوارێکی هەمیشەیی لە رووی رووسیاداو رێی پەلاماردانی رۆژهەڵاتی نزیكو بەلقانی لیٚ بگیرێت)و هەرگیز بیانوویەکیش‌بێت ، دەست بخەنە ناو کارو باریی ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە) .

هەردوو دەوڵەتەکە ، بە نیازی دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانیو گۆشە گیرکردنی ئەڵەمانیا بەراستیی کەوتنە خۆ کۆکردنەوە . ئەمەش وازوو بە زوو نەهاتە دی ، بەڵکو بە هێواشییو لە سەرخۆ پێك‌هات .

کۆنە دووبەرەکیو زۆران بازیی‌یەکەی نێوان رووسیاو بەریتانیا (لە رۆژهەڵاتی نزیکدا) ، نەك هەر لە پێش تەواوبوونی

پێك هاتنی پەیمانەكەی سوێندخۆرەكان ، بەڵكو دووای ئەوەش دەورێكی گەورەی هەبوو . ئەوەی پەیوەندی بە رووسیای قەیسەرەی‌یەوە هەیە ، ئەوەیە لە دووا بە دووای سەدەی بیستەمدا ، گۆرینێكی تەواو بەسەر سیاسەتەكەی‌دا هات لە رۆژهەلاتی نزیكدا . لە رووی سیاسەتی دەرەوەدا ، رووسیا تەنیا ئەوەی گەرەك‌بوو مافی ئەوەی هەبێت پاپۆرە جەنگی‌یەكانی بچنە ناو دەریای ناوەراست‌و بگەرێنەوە . لەمە بەولاوە شتی تری نە ئەویست چونكە پەرژەوەندی ئابووریی رووسیای ، لە ئاسیای بچووك‌و توركیای ئەورووپایی‌و ولاتە رۆژهەلاتەكانی عەرەب بەلاوە زۆر گرنگ‌نەبوو .

هەر لەبەر ئەمەش‌بوو رووسیا پیلانی بۆ داگیركردنی ئەم ولاتانە دانەنابوو . بە پێچەوانەشەوە ، لە رۆژهەلاتی نزیكدا ، ئەنادۆلی رۆژهەلات‌و ئێران ، دەورێكی گەورەیان لە سیاسەتی رووسیای قەیسەریدا هەبوو . دۆخ‌و هەڵوێستی ناوەوەی ئازربایجانی ئێران‌و كوردستان‌و ئەرمینیای توركیا ، بەلای رووسیاوە ، بۆ پاراستنی سنوورەكانی زۆر گرنگ‌بوون . ئەمە دۆخی ویلایەتی قەفقاسیشی ئەگرتەوە ، چونكە دانیشتووەكانی وەك دانیشتوانی ناوچەكانی سەر سنووری توركیاو ئێران تێكەلاوبوون (واتە كوردو تورك‌و ئەرمەنیان تیادابوو) . هەر لەبەر ئەمەشە ئەبینین بۆچی رووسیا گوێی دابووە مەسەلەكەی كوردو ئەو مەسەلەیەی بەلاوە گرنگ‌بوو . ئەمەش بە تایبەتی لە ساڵی ١٨٩٠وە رووی‌دا ، كاتێك ئاشووبەو شەرو هەرا لە كوردستان‌و ئەرمینیای توركیا دەستی پێ‌كردو ژمارەیەكی زۆری كوردەكان رێكخراوی جەنگیی خۆیان پێك‌هێنا .

مەسەلەی كورد لە رۆژهەلاتی نزیكدا ، لە مەیانی سیاسەتی چەند دەوڵەتێكی مەزنی تریشدا ، شتێكی كەم نەبوو . بەریتانیا لە هەمووان زیاترو بە شێوەیەكی تایبەتی چاوی بریبووە كوردو بەلایەوە گرنگ‌بوو ، ئەو بەریتانیایەی لە رێی سیاسەتی داگیركەرانەوە ئێرانی خستبووە ژێر چنگی خۆیەوەو هەوڵی ئەدا عیراقیش بخاتە ریزەوە . ئینگلیزەكان هەوڵیان ئەدا كوردەكان بكەن بە هاوپەیمانی خۆیان بۆ ئەوەی نفوزو دەسەلاتی رووسیاو دووای ئەویش ئەڵمانیا لە ئاسیای نزیك‌دا بەربەست‌بكەن .

فەرەنساش كە ئەیویست دەست بەسەر سووریاو مووسڵدا بگرێت ، ئەویش لە كێشەكەی كوردەوە دوور نەبوو . دووابیش ئەڵمانیا زۆر بە گەرمیی كەوتە ئاوردانەوە لە كورد . ئەمەشیی لە رێی هێڵە ئاسنینەكەی بەغداوە بۆ ئەچووە سەر . لەم كونەوە ئەڵمانیا توانیی نفوزی خۆی لە ئەنادۆلی رۆژهەلات‌و عیراق‌و ژووررووی سووریا بلاو بكاتەوە . لەم رووەوە هەتا لە ئێرانیشدا هەنگاوی فراوانی هەڵنا .

مینۆرسكی دەربارەی ناوەرۆكی مەسەلەی كورد . لە رووی پەیوەندیی جیهانی‌یەوە لە رۆژهەلاتی نزیك‌دا روونو ئاشكرا ئەدوێ‌و ئەنووسێ :

«پێشكەوتنی سیاسیی‌و ئابووری كارێكی ئەوتۆ ئەكات ئەو نیشتەنیانەی سەرووی میسویۆ تامیایان بە درێژایی دەورداوە (واتە كوردەكان) ببنە بنكەو شانۆی گەلێك تاسیراتی كاریگەری دەرەوە ، وەك : هێڵی ئاسنینی بەغدا ، گرنگ نی‌یە بە دەست كام دەوڵەتەوەبێت ، زۆران بازی‌و مونافەسەی بازرگانیی ئەورووپاییەكان ، دەوڵەتی عوسمانی‌و سەر دەرهێنانی بزوتنەوەی جیابوونەوە خوازی عەرەب ، دووایی تەشەنەكردنی نفوزی رووسیا لە باكووردا ، ئەو نفوزەی بێ شەرو جەنگ بلاو ئەبێتەوە . جا ئەگەر هەر یەكێك لەم تاسیراتانە بیەوێ پێی خۆی قایم بكات‌و كاری گەرتر بێت ، ئەوە مەسەلەی كورد لە گەڵ خوێدا راپێچ ئەكات ، ئەو مەسە لەیەی هەتا بێت بەرەو فراوان‌بوون ئەچێت . بەلام كوردەكان هەر ئەوە نین دیوارێك بن لە نێوان ژووررووو خوارووادا ، بەڵكو لە رۆژهەلاتیشەوە بە ناو سنووری ئێران‌و هەموو شاخەكانی ئەرمینیادا درێژ ئەبنەوە ، هەتا ئەگەنە سنوورەكانی ئێمە (واتە رووسیا – وەرگێر) . شتێكی باشە ئەم سێ ملیۆن كوردە لە چوارچێوەیەكی یەك یاساییدا بە یەكەوە دامەزرێن ، بەلام هەر ئەمە خۆی لە خوێدا یەكێكە لە كێشە هەرە گەورەكانی سیاسەتی دووا رۆژ لە ئاسیای نزیكدا»[1] .

دۆخی کوردستانو ئەرمینیای تورکیا مەترسی‌یەکی تەواوی بۆ کاربەدەستانی رووسیاو هەروەها بۆ کاربەدەستانی جەنگیو مەدەنی قەفقاس هێنا. لە ساڵانی ١٨٩٠دا، رووسیا لە رووی پیشە سازی‌یەوە هەنگاوی فراوانی هەڵهێنا، وەك راکێشانی هێڵی ئاسنینو دامەزراندنی کارگەی پیشە سازیو پەرەسەندنی دەوری بانکەکان. لە گەڵ ئەوەشدا کە کاربەدەستانی پیشەسازیو دارایی‌و هەروەها سیاسی‌و جەنگی‌و لەو سەردەمەدا چاویان لەوەوەبوو روو بکەنە رۆژهەڵاتی دوور، بەڵام رووسیا نەکە هەر بەو پێی‌یە نەئەرۆشت، بەڵکو چاوی خۆی لەوەش نەنووقاندبوو هەڵوێستو جێ پێی خۆی لە رۆژهەڵاتی نزیکیشدا قایم بکات.

پێك‌هێنانی سوپای حەمیدیش هەرەشەیەکی گەورەبوو بۆ رووسیا لە سنوورەکانی لای قەفقاسەوە. ئەوەبوو لە ناوەراستی ساڵی ١٨٩٠دا، رووداو دەستی پێ‌کرد. گەلێك لەو ئەرمەنانەی لە مردن رزگاریان‌بووبوو، خۆیان هاویشتە سنووری رووسیاوە. ئەو حەمیدی‌یانەی راویان نابوون، چەند جار سنووریان بری‌و لە ناوچەکانی قارس‌و یەریڤاندا پەلاماری ئەرمەنەکانیان‌داو تالانیان کردن. بۆ بەربەست‌کردنی ئەم هێرشانە، هێزی چەکداری ئەرمەن لە قەفقاس دروست‌کرا. نیاز لەمە ئەوەبوو پەلاماری سنووری تورکیا بدەنو شەری پارتی‌زانی داگیرسێنن. زۆر جار لەم شوێنانەی سەر سنوور شەرو هەرا رووی ئەدا. نە جارێكو نە دوو تەقو هوور لە نێوان سوپای حەمیدی‌و کازاکە پاسەوانەکانی سەر سنوور پەیدابوو[٢]. زوربەی ئەم هەروا هوریانە لە کۆتایی ساڵەکانی ١٨٩٠داو سەرەتای سەدەی بیستەمدابوو.

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات، هانی ئەم هێرشانەی حەمیدیان بۆ سەر قەفقاس ئەدا.

کاربەدەستانی عوسمانی، بە تایبەتی قۆمندانی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات، ئەم هێرشانەی سوپای حەمیدی‌یان بۆ سەر قەفقاس فراوان‌کردبوو.

میر تیزنیگاوسی موتەسەریفی یەریڤان لە نامەیەکیدا نووسیویتی: «سەرۆکەکانی حەمیدی بەو جۆرە سەیری ناوچەکانی رووسیا ئەکەن، پارووبەیەك بێ بتوانن هەمیشە قووتی بدەن.»[٣]. بەلای ئەوەوە ناخۆشی نەك هەر لەوەدابوو کاربەدەستانی عوسمانی گوێیان خەفاندبوو هیچیان نەئەکرد، بەڵکو بە ئاشکرا پەتیان شل کردبوو، بە تایبەتیش موتەسەریفی بایەزید[٤].

زینۆڤیفیش ئەم رایە ئەچەسپێنی‌و پشتگیری ئەکات بەوەی ئەنووسی: «گوێ خەفاندنی کاربەدەستانی عوسمانی لە ئاست ئەو هەموو شکات کردنانەمان لە هەراکانی سەر سنووردا، لەبەر کەم تەرخەمی‌و سەرسادی‌یەوە نی‌یە، بەڵکو لە سیاسەتەوە هەڵقولاوە، ئەو سیاسەتەی سوڵتان بەرامبەر کوردەکان گرتوویەتی، ئەو کوردانەی بەلای ئەوەوە وەك دیوارێك وەهان دەسەلاتی سوڵتان لە ئاسیای بچووکدا ئەپارێزن»[٥]. ئەوی راستی‌بێت، کاربەدەستانی عوسمانی کە کوردەکانیان هان ئەدا پەلاماری ناوچەو هەرێمەکانی رووسیا بدەن، لەمەدا ئامانجێکی سیاسی‌و جەنگی‌یان هەبوو. لە پێش هەموو شتێکەوە، یەکەم ئامانجی ئەوەبوو رێگا لەوە بگرێت ئەرمەنەکانی رووسیا یارمەتی براکانیان لە تورکیا بدەن. چونکە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، قەفقاسیان بە بنکەیەکی بزووتنەوەی رزگاری خوازی ئەرمەنەکان لە ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی‌دا دائەنا.

دووهەمیان ئەوەبوو، دەوڵەتی عوسمانی ئەیویست هەرەشەیەکی هەمیشەیی بۆ ستراتیجی‌یەتی رێگاو بانی هاتوچۆکردنی رووسیا لە قەفقاس دامەزرێنێ. دوواییش دەستگاکەی سوڵتان چاوی لەوەبوو هەرگیز دالغەی بەوەوە لێ ئەدا، سوود لەو چەند سەد هەزار کوردە ببینێ کە لە موتەسەریفی‌یەتی قەفقاسدا ئەژیان، بۆ ئەوەی یەکێتی‌و ئاسایشی ناوەوەی پێ هەڵتەکێنێ‌و بە وەش ئامانجەکەی عەبدول حەمید

بێتەدی ، ئەو ئامانجەی بریتی‌بوو لەوەی هەموو کوردەکان بخاتە ژێر سایەی خۆیەوە . ئەمەش نەك هەر مایەی نارەزایی ئێران بەڵکو هی رووسیاش‌بوو تیژبوون‌و شێواندنی دۆخی سەر سنووری عوسمانی وای‌کرد ئەرکی بەڕێوە بردن‌و جڵەو کردنی کوردەکانی قەفقاس لە لایەن داگیرکەرە قەیسەرییەکانەوە هێندەی‌تر قورس‌تربێت . دۆخی ژیانی کوردەکانی رووسیا زۆر خراپ‌بوو . لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەش کە کاربەدەستانی قەیسەری لە قەفقاس ، دەربارەی زەوی‌و زار بەکاریان هێنا ، لە ئەنجامی ئەمەدا دۆخی کوردەکان ئەوەندەی‌تر خراپ‌بوو .

مووچە خۆرە رووسەکان بۆ ئەوەی رادەی زەوی‌و زاری چاندراو زۆرتر بکەن ، هاتن هەموو ئەو زەوییانەی کوردە کۆچەرەکان تیایا ئەژیان ، دایان بەو خێڵە کوردانەی لە ناوەوەی ولایەتەکەدا ئەژیان . دوواییش کە ژمارەیەك لە کوردە کۆچەرەکان ناچار بوون واز لە ژیانی کۆچەرێتی بهێنن‌و دامەزرێن‌و خەریکی زەوی چاندن بن ، ئەوسا ئەوەندە زەوی نەمابۆوە تیا نیشتەجێ بن . هەر لەبەر ئەمەش کاربەدەستان لە ساڵی ۱۹۰۱دا ، باجی سەر زەوییان زیادکرد .

هەر لەبەر ئەمەش کوردەکانی رووسیا لە دۆخێکی تاڵ‌و نزمدا ئەژیان‌و بۆ ئەوەی پاروویەك پەیدا بکەن ناچار ئەبوون وڵاتەکە بەجێ بهێڵن‌و روو بکەنە دەرەوە[٦] . نارەزایی کورد لەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی سەنگی کردەوەو دەست درێژیی بەڕێوەبەران‌و پۆلیس لە سەر شانیان قورس‌تربێت . کاربەدەستانی ناوچەکە بۆ ئەوەی ئیرادەو هەستی خێڵایەتی دێرینی کوردەکان لەناو بەرن‌و بە تەواوەتی لەژێر چنگ‌و دەسەڵاتی خۆیانا لغاویان بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە هاتن رێگای هاتوچۆکردنیان لێ بەستن . (ئەم هاتو چۆکردنەش لەبەر پێویستی ئابووری‌و زۆر جار لەو جۆرە شتانەبوو کە لە توانادا نەبوو وازی لێ بهێنرێ .) لە ئەنجامی ئەو یاسا قورسەی بۆ پاسپۆرت دانرابوو ، هەتا ئەو کوردەی لە رووسیاش لە دایك‌بووبوو ، ئەگەر پاسپۆرتی نەبوایە لە وڵات دەرئەکرا .

نارەزایی بەشێکی زۆری کوردەکان بووە داردەست‌و پروپاگاندەیەکی باش بە دەست ئەو کەسانەوە کە دەوڵەتی عوسمانی ناردبوونی بۆ قەفقاس‌و لەوی بووبوونە چاووڕای ئەو . ئەو کەسانە پروپاگەندەیان دژی رووسیا لە ناو کوردەکاندا ئەکردو بیرو باوەڕی پان ئیسلامەتی‌یان لە ناویانا بڵاو ئەکردەوە . لە ئەنجامی ئەمەش گەلێك لە کوردەکانی رووسیا . هەڵاتن‌و روویان کردە تورکیاو چوونە ریزی سوپاکەی حەمیدییەوەو دوواییش بە چەکەوە گەڕانەوەو پەلاماری جووتیارەکانیان ئەداو تاڵانیان ئەکردن‌و ترس‌و تۆقاندنیان بە ناویانا بڵاو ئەکردەوە[٧] .

ئەم دۆخە قورس‌و تاڵەی کورد لە قەفقاس . کاری کردە سەر جۆری خێڵەکانی تری کورد .لەدەرەوەی رووسیادا . کۆنسۆلی رووسیا لە بایەزید لەم رووەوە ئەنووسێت : «لە دۆخێکی وەهادا ، ناکرێ چاومان لەوە بێت کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی —هەزارەکانی لێ دەرچێت – لەگەڵەمانا باش‌بن[٨]» . بەڵام لێرەدا ئەتوانرێ بەراوردێك لە نێوان هەردوولایانا بکرێت . (واتە رووسیاو دەوڵەتی عوسمانی – وەرگێڕ) . هەردوو لایان لایەنی چاکەو خراپەیان هەیە . ئەگەر لە رووسیا ئاسایش چەسپاوتر بێت‌و لەبەر ئەمەش کوردەکان بۆ سوپا نەبرێن‌و باج سەندنیش کەمتربێت ، بەڵام لە تورکیا کوردەکان ئەیانتوانی بچنە ریزی سوپای حەمیدییەوەو سوود لەو چوونەیان ببینن‌و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی چەند سەر مەڕو ماڵاتێك بن . ئەگەر لە رووسیا ، سەرچاوەی زۆرداری کاربەدەستان‌و مووچەخۆرەکان بوون ، ئەوە لە تورکیا سەر چاوەی زۆرداری ئاغاو بەگەکان‌بوون . چ لە تورکیاو چ لە رووسیا میللەت نوقمی دەریای نەزانین‌و هەژاریی بوو ، یەك دانە قوتابخانە نەبوو بە کوردی تیا بخوێنرێت .

دەوڵەتی عوسمانی بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەدا وا لە خێڵە کوردەکان بکات رووسیایان لە بەر چاو بکەوێت‌و پەیوەندییان تێك بدات . هەوڵی‌دا سوود لە کردەوە نارەواو خراپەکانی کاربەدەستانی قەفقاس ببینێ‌و بۆ سوودی خۆی بەکاریان بهێنێ .

جا لە کاتێکدا کاربەدەستانی سەر سنووری رووسیا رێگایان نەئەدا بەو کوردانەی کاربەدەستانی عوسمانی ئەیان‌ناردن بۆ ئەوەی سنوور ببڕن‌و بچنە خاکی رووسیاوەو رێگای نە ئەدان لەوێ دامەزرێن ، بە پێچەوانەوە دەوڵەتی عوسمانی دەرگای سنووری بۆ ئەو کوردانە ئەخستە سەرپشت کە لە رووسیاوە هەڵ ئەهاتن[9] . دەوڵەتی عوسمانی رێگای نەئەدا بەرهەمی مەڕومالاتی کوردستان بگاتە رووسیا . « وەکو بیەوێ کوردەکانی خۆی بگرێت‌و نەیەڵێ پەیوەندی‌یان لەگەڵ رووسیادا هەبێت »[10] .

بەڵام سەبارەت بەمەش بەشێکی زۆری کوردەکانی دەرەوەی رووسیا ، بەگشتی هەستێکی باش‌و شیرینیان بەرامبەر رووسیا هەبوو بە رزگار کەری خۆیان لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی زۆردار دائەنا ، کە زۆر قینیان لێ ئەبۆوە . هەتا موراقیبە بێگانەکانیش هەستیان بەمە کردبوو . هەر بۆ نموونە ، سمیرنۆف کە بە هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستانی تورکیادا گەڕابوو ، لەم رووەوە ئەو هەستی خۆشەویستی‌و دۆستایەتی‌یەی کورد بەرامبەر رووسیا هەیبوو دەری ئەخات‌و ئەنووسێت : « بەلای ئەوانەوە رووسیا ، لە هەموو بێگانەکانی‌تر نزیك‌ترە[11] » . ئەگەر بێینە سەر بەراوردکردنی دۆخی ژیانی سەرەك خێڵە دەرەبەگە کوردەکان لە دەوڵەتی عوسمانی‌و رووسیا ، بۆمان دەرئەکەوێت ئەو بەراوردکردنە سوودی رووسیای تیانی‌یەو بەلای ئەودا داناشکێتەوە . چونکە کوردەکانی رووسیا کە بە زۆری رەگ‌و ریشەو رەچەڵەکی خۆیان بزرکردبوو (واتە لە خێڵەکانی خۆیان داپچڕابوون – وەرگێڕ –) ، بەگ‌و ئاغاکانیان لای کاربەدەستە رووسەکانی ئەودیو قەفقاس ، هیچ جۆرە نرخ‌و بایەخێکیان نەبوو . پیاوە گەورەکانی کورد (نیازی لە ئاغاو بەگەکانە – وەرگێڕ) ، لە رووسیا هیچ جۆرە روتبەو پلەیەکی سوپاییان پێ نەئەدرا . جێگاو پلەی بەڕێوەبردنیان پێ نەئەدرا . بگرە هەتا لە مەدالیاو خەڵات کردنیش بێ بەش کرابوون[12] . کاربەدەستانی عوسمانی سوودیان لەمە بینی‌بوو ، بە یارمەتی دەرەبەگ‌و سەرەك خێڵەکان ، پروپاگاندەیان دژی رووسیا بە ناو خێڵە کوردەکاندا بڵاو ئەکردەوە . مەبەستیش ئەوەبوو دۆخی جەنگی‌و سیاسی رووسیا لەو دیو قەفقاس شلۆق کەن‌و بشڵەقێنن‌و رووسیا ناچار بکەن پاڵە پەستۆکەی ، کە لەسەر کێشەکەی ئەرمەن‌و کێشەی تر کردبوویە سەر تورکیا ، کەم بکاتەوە .

دۆخەکەی کوردستان کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئاڵۆزتربووبوو ، وای لە رووسیا کرد بە چاوێکی‌تر سەیری کێشەکەی کورد بکات . وای لێ‌هات نەك هەر لە رێی پەیوەندی نێوان رووسیاو تورکیا (دووایش رووسیاو ئێران)ەوە ، سەیری کێشەکەی کورد بکات ، بەڵکو وەك مەسەلەیەکی سەربەخۆی گرنگی رۆژ هەڵاتی نزیك تێی بڕوانێ . سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، لە رۆژهەڵاتی نزیکدا ، لە رووی پەیوەندی‌یەوە لە گەڵ تورکیادا ، بریتی‌بوو لەوەی ئەو (دۆخی هەبووە) وەك خۆی بمێنێتەوە . ئەو نامەیەی وەزیری کاروباری دەرەوەی رووسیا ، بە رەزامەندی چاری رووسیا بۆ ئەخمینۆڤ نێردراوی دیبلوماسی رووسیا لە بولگاریا ، دەربارەی سیاسەت‌و ئامانجی نەگۆڕدراوی رووسیا لە ساڵی ١٨٩٧دا نێردرابوو ، بریتی‌بوو لە : « چاو دێری‌کردنی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی بە جۆرێك کەس دەست درێژی نەکاتە سەرو وڵاتەکەو وەك خۆی بەبێ دابەش‌کردن‌و جیابوونەوەی هیچ پارچەیەك بمێنێتەوە . بەو نیازەی رێگا نەدرێت هیچ جۆرە ناخۆشی‌و سەرێشەو ئاڵۆزی‌یەك بێتە کایەوە . لەم رۆژانەو لەم کات‌و ساتەدا ، باشترین رێگا بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵاتی سوڵتان‌و پاراستنی دەوڵەتەکەی ، ئەوەیە بە هەر جۆرو رێگایەك‌بێت ، رۆژهەڵات کپ‌و بێ دەنگ‌بێ .

ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ ، نابێ رێگای دابەش‌کردنی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی بدرێت ، ئەو ئیمپراتۆری‌یەتەی لە سەر ئاگرەو لە کولاننداییەو ئاژاوە هەموو لایەکی گرتۆتەوە . ئەگەر

ڕێگا بۆ دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی تەخت بکرێت ، ئەوسا هەر یەکە لە لای خۆیەوە راست ئەبێتەوە ، دەوڵەتی بولگار لە لایەکەوە ، میللەتەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی ترەوە ، هەوڵ ئەدەن قووتی بدەنو بەشێك بۆ خۆیان دابپچرنو لە ئەنجامی ئەمەش ئاژاوەو شەڕو شۆڕ پەیدا ئەبێ . لەبەر ئەمە بە هیچ جۆرێك رازی نابین ئەو فەرمانەمان پشت گوێ بخرێت کە لە سەرەوە باسمانکرد»(١٣) . کە لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەشدا زینۆڤیف کرا بە باڵیۆزی رووسیا لە ئەستەمبوول ، نامەیەکی لە وەزارەتی کارو باری دەرەوەی رووسیا پێگەیشت ، لەو نامەیەدا ئامانجە سیاسییەکانی رووسیا بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بەم جۆرەی خوارەوە روون کرابوونەوە : «لەم کاتەدا هەموو هەوڵو تواناو گوێ پێ دانمان ئاراستەی رۆژهەڵاتی دوور کردووە ، کە بۆ دووا رۆژی رووسیا لە هەموو شتێکی تر گرنگترە ، لەبەر ئەمە ئەبێ دەست بەرەڵلابینو بە هیچ شتێکی ترەوە سەرمان قاڵ نەکەین بۆ ئەوەی ئەمەش بێتەدی ، پێویستە هیچ لە تورکیا روو نەدات ، بە مەرجێك چاودێری پەرژەوەندیو مافەکانی رووسیا بکەیت .

هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ هەوڵ بدەیت پەیوەندیی دۆستایەتیو دراوسێیەتی تورکیا لەگەڵ رووسیادا توندو قایم بکەیت .

لەو نامەیەدا ئەمەش دەربارەی رووداوەکانی ئەرمینیا نووسرابوو . «ئەو رووداوانەو خوێن رشتنە ، جێی داخو خەفەتن ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی نەمان توانی رێگا لەو خوێن رشتنە بگرین ، ئەمەش لە ترسی ئەوەی کێشەکەی رۆژهەڵات بە هەموو مەترسییو ئەنجامەکانییەوە دەست نیشان بکەینو بیخەینە بەر چاوو کایەوە . . . . بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا ناتوانین چاو لەو مافەمان بپۆشین کە پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە ، واتە مافیی پاراستنی گاورەکانی دەوڵەتی عوسمانی .»(١٤)

لە ئابی ساڵی ١٩٠٠دا . لامز درۆڤی وەزیری کارو باری دەرەوە ، نامەیەکی سەیری نارد بۆ زینۆڤیف : نامەکەش بە بۆنەی پەلاماردانەکەی سوپای حەمیدی بۆ سەر ئەرمەنەکانی قەزای ساسۆنو سپاگانگ لە ویلایەتی واندا نووسرابوو . لەو نامەیەدا ئەڵێ : بە هۆی رووداوەکانی ئۆکیانی هێمنەوە (نیازی لە رۆژهەڵاتی دوورە) ئێستە لە هەموو کاتێكو هەموو رۆژێك زیاتر ئەوەمان بەلاوە گرنگە ناوچەکانی سەر سنووری تورکیای دراوسێمان بێ دەنگبن . نامانەوێ هیچ رووداوێك ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیمان لە گەڵ تورکیادا ، هەر لەبەر ئەمەش داوا ئەکەم بە خێراییو بێ وەستان رووداوەکانی سپاگانگ بخەیتە بەر دەم ئەستەمبوڵو داوا بکەیت رێگایەك ، دەرفەتێك ، چارەیەك بۆ یەکالا کردنەوەی بدۆزنەوە .»(١٥) .

ئەتوانین لەمانەی لەسەرەوە باسمانکرد ، سێ ئەنجام دەست بخەین : یەکەمیان ئەوەیە ، حکومەتی رووسیا چاوی لەوە بوو دۆخی سیاسیی ناوەوەی رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك راست بکاتەوەو بیخاتەوە شوێنی خۆیو بێ وەستان بە یەکاچوونو شەڕو شۆڕی نێوان کوردو ئەرمەنەکان بوەستێنێ . دووهەمیشیان ئەوەبوو ، کە رووسیا بڕیاری دابوو ئاسایش لە ناوچەکانی ئەودیو قەفقاس بچەسپێنێو ئەو ناوچانە لە مەترسیی دووربخاتەوەو هێمنیش لە سەر سنوورەکانی لای تورکیاوە بلاو بکاتەوەو دامەزرێنێ . سێیەمیشیان کە لە هەموویان گرنگتر بوو ، ئەوەبوو لە پیتربورگ بڕیار درابوو ئەو ئامانجانە لە رێی دیبلوماسییەتەوە بەدی بهێنێ . ئەم ئامانجەش نە ئەهاتە دی ئەگەر دەوڵەتە ناحەزەکانی رووسیا وەك بەریتانیاو چەند دەوڵەتێکی تر پشتیی حکوومەتی سوڵتانیان بگرتایە .

یەکەم هەنگاوی دیبلوماسییانەی رووسیا کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵی هێنا ، ئەوەبوو باڵیۆزێکی رووسیان وەك نوێنەرێکی تایبەتی نارد بۆ ئەستەمبوڵ . دەربارەی پەلاماردانی سوپای حەمیدی بۆ سەر سنوورەکانی رووسیا گفتوگۆیانکرد . باسیی سنوورەکانی نێوان رووسیاو ئێرانیشکرا ، کە لە ساڵانی ١٨٩٤وە تا ساڵی ١٨٩٦ بووە مەیانی شەڕو ئاشووبە . بۆ نموونە لە کانوونی دووەهەمی ساڵی ١٨٩٥دا ، نیلیدۆف بە سەرەك

وەزیران (واتە سەدری ئەعزەم)ی ، راگەیاند : کە ئەگەر پەلاماردانو تالانیی کوردەکان نەوەستیٚ ، ئەوە رووسیا ناچار ئەبیٚ بەهیٚزی چەك هەتا سنوورەکانی تورکیا راویان بنیٚ[١٦] .

ئەم هەرەشەیە کاری خۆی کرد ، بەلاٚم بۆ ماوەیەکی کورت . لە سەرەتای کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٩٨دا ، زینۆڤیف روو بەروو لە سوڵتان عەبدول حەمیدی دووهەمی گەیاند کە کوردەکان سنووری رووسیا ئەبڕن . سوڵتان بەڵێنی دایە بە هەر حاڵێك بیٚ ریٚگایەك بدۆزیٚتەوەو چارەیان بکات . بەلاٚم وەك باڵیوزی رووسیا لە نامەکەیدا ئەنووسیٚت : «سوڵتان داوای لە کاربەدەستانی ئەو ناوچانە کرد شتیٚکی وەها نەکەن دڵی کوردەکانی پیٚ بشکیٚت»[١٧] . زۆری نەبرد ئەنجامی ئەم پەت شل کردنە بۆ حکوومەتی سوڵتان دەرکەوت . پاش هەراکەی مایسی ساڵی ١٨٩٩ ، کە لە گەڵ کوردە حەمیدییەکان رووی‌داو دوو ئەفسەری رووسیی تیا کوژرا (لادچیٚنکۆو شفیرکە) ، پیتر بورگ بڕیاری‌دا خیٚراتر بیٚتە کایەوە . لە (١٢)ی ، حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٩دا ، زینۆڤیف ، لە گەڵ سوڵتانا کۆبۆوەو باسی رووداوەکانی سەر سنوورو دۆخی ئەو ناوچانەیان کرد . باسی هەراکەی مایسیش کرا . زینۆڤیڤی باڵیوز رووبەروو یەکسەر تورکیای تاوانبارکرد . ئەوەی‌دا بە رووپا ، کە حەمیدییەکان هەرچییەك ئەکەن ، لغاو ناکریٚنو سزا نادریٚن . لە سەرەتادا عەبدول حەمید نەی ویست وەلام بداتەوەو هیچ بە دەستەوە بدات ، بەلاٚم کەدی باڵیوزی رووسیا واز لە قسەو هەڵویٚستەکانی ناهیٚنیٚ ، ئەوسا بەڵیٚنیدا لەو رووداوانە بکۆڵیٚتەوەو تاوانبارەکان سزابدات . هەر لەبەر ئەمەش فەرمانی نارد بۆ کاربەدەستانی ئەرزرووم‌و هیٚزی شەشەم[١٨] . وادیاربوو سوڵتان نیازی نەبوو بەڵیٚنەکەی بەجی‌بیٚنیٚ .

هەرچۆنیٚك بیٚ ، لە ماوەی مانگیٚکدا ، موراڤیٚڤی وەزیری کاروباری دەرەوەی رووسیا ، داوای لە زینۆڤیڤی باڵیوزکرد ، بە خیٚرایی سەر لە سوڵتان بداتو داوای لیٚ‌بکات : (بەخیٚرایی‌و ئەوپەڕی گویٚ پیٚ‌دانەوە ، ئاور لە کردەوە نارەواکانی سەر سنوور بداتەوەو هانی سوڵتان بدات بە خیٚرایی هەوڵ بدات ئەو رووداوانە دامرکیٚنیٚتەوەو سزای تاوان بارەکان بدات[١٩]» . بە لای مواریڤەوە ، ئەو هەنگاوانە بریتی بوون لەمانە : یەکەم موتەسەریفی بایەزید لابرێت . دووەم ، روتبەو ناتۆری سوپاییی لەسەر ئەفسەرەکانی سوپای حەمیدی هەتا روتبەی سەرپەل لابرێت . سێیەم : خزم‌و کەس‌و کارانی کوژراوەکان بە پارە تەعویز بکریٚن[٢٠] . کە ئەم داخوازیانە دران بە کاربەدەستانی عوسمانی‌و بووە مایەی پرسیارکردن ، باڵیوزی رووسیا ئەوەشی خستە سەر کە سوپای حەمیدی تەنیا بۆ ئەوە دروست‌کراوە دژی رووسیا بەکار بهیٚنریٚ . تەحسین بەگی یەکەمین سکرتیری سوڵتان گورج نامەیەك ئەدا بە زینۆڤیف . لەو نامەیەدا نووسرابوو : «نیاز لە دروست‌کردنی سوپای حەمیدی ئەوەبوو کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیانا دامەزریٚن‌و جەندرمەیان لیٚ‌بگیرێت‌و بەمەدا دەر ئەکەویٚت کە حەمیدی دژی رووسیا دروست‌نەکراوە ، بەڵگەش ئەوەیە تەنیا لە عیراق‌و سووریا پیٚك هیٚنراوە .»[٢١] .

بیٚگومان زینۆڤیف بڕوای بەم روون کردنەوەیە نەکرد . باڵیوزی رووسیا هەر ئەوەی پیٚ‌کرا وا لە کاربەدەستانی تورکیا بکات رازی بن لیژنەیەکی دوولایی رووسیاو تورکیا پیٚك بهیٚنریٚ ، بەو نیازەی هەراو شەڕو شۆڕەکانی سەر سنوور لەناو بەریٚت . رووسیا جەنەراڵ زیلین کردە نویٚنەری خۆی بۆ ئەم لیژنەیە ، تورکیاش توفیق پاشای دانا . کاری ئەم لیژنەیە ئەنجامی نەبوو . لە گەڵ ئەوەشدا ریٚك کەوتن ، ژمارەیەکی زۆر کەمی سوپا لەسەر سنوور دابنریٚت ، بەلاٚم دەوڵەتی عوسمانی سوپای حەمیدی خۆی لەسەر سنوور هیٚشتەوە[٢٢] .

بەلاٚم کاربەدەستانی عوسمانی ناچاربوون ، هەموو ئەو زیانانە بژمیٚرن کە کەوتبوونە سەر کوردەکانو ناچاریش‌بوون سوپا بنیٚرنە سەر کوردەکانو سزایان بدەن لەسەر ئەوەی پەلاماری سنووری رووسیایان داوە[٢٣] . بەلاٚم ئەو لیژنە

ـ یەتی یەی لە لایەن سوڵتانەوە دانرا ، بۆ سزادانی ئەو کوردانەی بەشداری هەراکەی (١١)ی مایس یان کردبوو ، کەوتە پاکانە کردن و وای پیشان دا کە ئەو دوو ئەفسەرە رووسە کوژراوانە (لادچینکۆو شڤیریکە) بە دەست کوردەکانی رووسیا کوژراون . لەگەڵ ئەوەشدا زینۆڤیف بە توندی دژی ئەم بریارە وەستا ، بەڵام بێ ئەنجام بوو بەڵێنەکەی سوڵتانیش بۆ ئەوەی چاو بەو کێشەیەدا بگێرێتەوە هیچ دەرچوو[٢٤] .

بێگومان ئەم هەڵوێستەی کاربەدەستانی عوسمانی وای کرد هەڵویستی دوژمنانەی چەند سەرۆکێکی کورد بەرامبەر رووسیا تیژترو جەربەزەتربێت و شان بە شانیشی پەیوەندی دووا رۆژی نێوان تورکیاو رووسیا خراپ‌تر ئاڵۆزتربێت . لەبەر ئەمە لە پیتربورگ بریاردرا پاڵە پەستۆی دیبلۆماسیی بۆ سەر ئەستەمبووڵ تیژتر بکرێت . لە ناوەراستی ئەیلولی ساڵی ١٩٠٠دا ئەو بیانوو بەهانەیە پەیدابوو ، هەتا ئەو پاڵە پەستۆ دیبلۆماسی‌یە بێتە دی .

ئەو بەهانەیەش ئەوەبوو کوردەکان پەلاماری میر شاخۆفسکی بەریوەبەری گشتی کۆنسۆلخانەی رووسیان لە ئەرزروم داو لە ئەنجامدا شاخۆفسکی بریندارکراو هەرچیشیان لە بەردەستدابوو تاڵانیان کرد .

لامزدرۆڤ لە کۆتایی ئەو ساڵەدا زینۆڤیڤی ئاگادار کرد کە «بە پێی فەرمانی خاوەن شکۆ پێویستە هەوڵ بدات سەرنجی راستە قینەی سوڵتان راکێشێت و ئەوەی پیشان بدات کە زۆر پێویستە کوردەکانی ئاسیای بچووك لغاو بکات و دایان مرکێنێتەوەو ئەبێ ئەنجامی ئەو پەلاماردانە بخاتە ئەستۆی خۆی .»[٢٥] . پاش چەند رۆژێك ئەم فەرمانە بەجێ‌هێنرا[٢٦] . بەڵام لەوە ئەچوو هەوڵەکەی ئەو ئەنجامەی نەدابێ کە چاوەروان ئەکرا . لە کانوونی دووهەمی ساڵی ١٩٠١دا ، لامزدرۆڤ بروسکەیەکی نارد بۆ زینۆڤیف تیایا هاتبوو : چاری رووسیا فەرمانی داوە کە « زۆر بە توندی داوا بکرێت وەك چۆن تاوانی پەلاماردانی کوردەکان بۆ سەر هێزەکانی سەر سنوورمان وەهاش تاوانی پەلاماردانەکەی کونسۆلی گشتی و نێردراوی رووسیا لە ئەرزروم بخەنە ئەستۆی خۆیان . دۆخی ویلایەتی ئەرزروم لەوەدا نەماوە چاوی لێ بپۆشرێت . لەبەر ئەمە پێویستە هەنگاوی راستەقینە بۆ لغاوکردنی کوردەکان هەڵ بنێن . ئەوەش لە سوڵتان بگەیێنە کە لەمەودووا هیچ پاکانەو منجەمنجێك قبووڵ ناکەین[٢٧] .» . ئەم هەرەشەیە کاری خۆی کردوو سەری گرت . لە هاوینی ساڵی ١٩٠١دا ، دادگا بۆ کوردەکانی کازیخان سازکرا ، واتە بۆ ئەوانەی بە پەلاماردانەکەی شاخۆفسکی تاوانبار کرابوون . لە حەڤدە کەس حەوتیان بەرەڵلا کران و ئەوانەی تریش بۆ ماوەی جیاجیا حوکم دران[٢٨] . هەرچەندە کاربەدەستانی عوسمانی ناچار بوون دڵ نەوایی رووسیا بکەن ، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوون ئەو هۆیانە لە ناو بەرن کە مایەی شەرو شۆری سەر سنووربوون .

ئەمەش لەو نارەزایی دەربرینەدا خۆی دەرخست کە کاربەدەستانی عوسمانی بۆ پیتربورگیان نارد ، بە ناوی ئەوەی گوایە هێزی ئامادەکراوی ئەرمەنەکان لە سنوورەکانی رووسیاوە دێن و پەلاماری سنوورەکانی تورکیا ئەدەن ، بە نیازی ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ بزوتنەوەی رزگاری خوازی ئەرمەنەکان لە عوسمانی درێژ بکەن . لە پیتربۆرگ زوو هەستیان بەم چاو شارکێی‌یەی تورکیا کرد . پێویست بوو زوو بەرەنگاری بوەستن . لە ناوەراستی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٠١دا ، لامزدرۆڤ بە رەزامەندی چاری رووسیا ، چەند تێبینی‌یەکی بۆ زینۆڤیف نارد ، لەوانە : ئەو نارەزایی دەربرینەو سکالاکردنەی تورکیا ، رووی راستیی رووداوەکانمان نادەنێ ، چونکە هەتا ئێستا هیچ شتێکی وەهایان پیشان نەداوە ، ئەوە بچەسپێنی کە لە سەر هەقن و مافیان بە دەستەوەیە .

لە دووا رۆژدا گوێ نادەینە ئەم جۆرە سکالایانە . بۆ ئەوەی ئاسایش لە ناوچەکانی سەر سنوور بچەسپێت ، داوا ئەکەین ، سوڵتان خۆی هەوڵ بدات و رێ‌و شوێنێك بدۆزێتەوە ، وابکات ئاسایش لە ناوچەکانی ئاسیای بچووکی دراوسێمانا رەگ داکوتێ .»[٢٩] .

ئەو زۆر لێ کردنو پاڵە پەستۆ دیبلوماسیی‌یەی رووسیا ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی کرد . رۆژ لە دووای رۆژ کاری خۆی کردو ئەنجامی‌دا . ژمارەی پەلاماردانو تالآنی‌کردن کزبوو . ژمارەی رووداوەکانی سەر سنووریش تەواو هاتنە خوارێ . هەروەها دۆخی ناوەوەی هەمیشە شلەقاوی کوردستانو دوژمنایەتی کوردو ئەرمەن ، ئەمانەی تارادەیەکی زۆر حەسانەوەی لە کاربەدەستانی رووس بریبوو خاڵێکی رەش بوو لەسەر پەیوەندی نێوان رووسیاو تورکیا ، ئەوەش وای لێ‌هات بێتە سەربار . ئەوەی بە زۆری مەیانەی رووسیاو تورکیای تێك‌ئەدا ، گەڕانەوەی ئەرمەنەکان‌بوو لە رووسیاوە بۆ تورکیا ، ئەو ئەرمەنانەی لە رۆژانی کوشتارەکەوە بەرەو رووسیا هەڵاتبوون . لەساڵی ١٩٨٤-١٨٩٦دا ، نزیکەی (٣٠) هەزار ئەرمەن ، لە تاو کوشتنو برین پەنایان بردە بەر رووسیا . کاربەدەستانی رووسو دامو دەستگاکەی قەیسەر کە لەو رۆژانەدا ئەیانویست ناوچەکانی ئەودیو قەفقاس بکەن بە رووس ، نەیان ئەویست جێگاو شوێنو زەویو زار بدەن بە ئەرمەنەکان .

لەبەر ئەمە بڕیاریان‌دا ئەرمەنەکان رەوانەی تورکیا بکەنەوە . ئەمەش سەرو دڵی تورکیای گرت . لە سەرێکەوە لەوە ئەترسا ژمارەی ئەرمەنەکانی دەوڵەتی عوسمانی پەرەبسێنێ ، لە سەرێکی تریشەوە سڵی لەوە ئەکردەوە ، پەیوەندیی لە گەڵ دەرەبەگە کوردەکاندا تێك بچێت ، ئەوانەی بە شێکی زۆری زەویو زاری ئەرمەنە هەڵاتووەکانیان بۆ خۆیان بردبوو .

هەر ئەوەندەی یەکەم دەستەی ئەرمەنە هەڵاتووەکان گەڕانەوە ، زۆرداریو دەست‌درێژی دەرەبەگە کوردەکان بۆ سەر ئەو ئەرمەنە لێ‌قەوماوانە پەرەی‌سەند . بێ‌گومان کاربەدەستانی عوسمانی هانیان ئەدانو پشتیان ئەگرتن . جارێکی‌تر بۆنی قەسابخانەیەکی‌تر بڵاوبۆوە .

رووسیاش وازی لەوە نەهێنا ئەرمەنەکان بەرەو تورکیارەوانە بکاتەوە . باڵیۆزو کۆنسۆلی رووسیا لە ئەستەمبول ئاگادارکران ، هەوڵ بدەن ئەرمەنە گەڕاوەکان لە دەست درێژی بپارێزن(٣٠) . زینۆڤیف چالاکانە ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆیو نامەی بۆ ئەستەمبوول ناردو نووسیی : «ناتوانێ لەوە زیاتر چاوەڕوانی بکاتو ئەنجامی ئەوێت»(٣١) .

تورکیاش سووربوو لەسەر ئەوەی ناردنەوەی هەڵاتووەکان بوەستێت . پێویست‌بوو زینوڤیف هوشیارانە لەسەر رێگاکەی خۆی بڕوات ، ئەوەبوو ، لە سەرێکەوە نەیەڵێ تورکیا دڵ‌گیربێتو لە سەرێکی تریشەوە زۆرداریی‌و بێ ئاسایشی زەبر نەسێنێ . زینۆڤیف بروسکەیەکی بۆ مورائێف نارد تیایا هاتبوو .

«لەم دۆخی سیاسیی‌یەی ئیستەدا ، بووژاندنەوەی کێشەی ئەرمەنەکان ، بەلای کەمەوە کارێکی پڕ لە مەترسیی‌یەو بەلای زۆریشەوە کارێکە لە جێی خوی‌دا نی‌یەو بە دڵیشمان‌نی‌یە . ئاگاداریشی کرد لەوەی تورکیا نیازی وایە بەزەبری چەك ئەرمەنەکان لەسەر سنوور بهێڵێتەوە .»(٣٢) . رووسیا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەم هەویرە ئاو ئەکێشێو ئاڵۆزی بەدووادا دێتو ئەوەی ئەیەوێ بیسەپێنێ وا بە ئاسانی نایەتەدی . لە ١٩ی حوزەیرانی ١٨٩٨دا نیکۆلای دووەم فەرمانی‌دا کە بۆ ماوەیەك – لەسەر خواستو ئارەزووی ئەرمەنەکان خۆیان – گەڕانەوەیان بوەستێ(٣٣) . لە پیتربورگ بڕیاردرا کە ئەبێ دەست بەرداریی رێی‌و شوێنی دیبلوماسیی نەبنو بەهۆی ناردنەوەی دەستەیەك ئەرمەنی‌تر تورکیا لە خۆیان زویر نەکەن .

لەو نامەیەی موارێڤ بۆ زینۆڤیڤی ناردبوو ، ئەوەی تیا هاتبوو کە ئەبێ وەك جاران لەسەر داخوازی‌یەکەی رووسیا دەربارەی ئەرمەنەکان سووربێت ، بەڵام پێویستە هوشیارانە بخرێتە بەر دەم کاربەدەستانی تورکیا .

«ئەبێ ئەوە لە یاد نەکرێ ، یەکەم ، پەیوەندی دۆستانەمان لە گەڵ تورکیادا بمێنێتەوە ، دووەم ، کە لە هەمووی گرنگ‌ترە ، رێگا نەدرێت هەراو هوریای ئەرمەنەکان داگیرسێتەوەو دووا بە دوواشیی رووداوە خوێناوی‌یەکانی ساڵی ١٨٩٥ دووبارە ببنەوە ، ئەوەی رێگا پاك ئەکاتەوە هەڵاتوو روو

کەنەوە رووسیا . لە تەك ئەوەشدا ولاتە مەزنەکان سەر لە نوێ دەست بخەنەوە کارو باری ناوەوەی تورکیا هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە دۆخێکی سیاسیی ئالۆز دروست ئەکەن»[٣٤] .

لە ماوەی ساڵی ١٨٩٨–١٨٩٩دا ، زینۆڤیف چەند جار ، دەربارەی کێشەی ئەرمەنەکان ، گفتوگۆی بێ ئەنجامی لەگەل ئەستەمبووڵدا کرد .

ئەوەبوو ئارتین پاشای راوێژکەری وەزارەتی کاروباری دەرەوە ، باڵیۆزی رووسیای لەوە ئاگادارکرد کە گەڕانەوەی ئەرمەنەکان بۆ تورکیا ، مەترسیی ئەوەی تێدایە ، سەر لە نوێ خوێن رشتنی بەدووادابێت . زینۆڤیف لەسەر ئەم رایە نەبوو ، بەڵکو لەو رایەدابوو کە لە تواناد‌ا هەیە رێو شوێنی وەها دابنرێت ، وابکات رووداوەکانی ساڵی ١٨٩٤–١٨٩٦ دووبارە نەبنەوە : «چونکە لەوانەیە ئەنجامەکانی زۆر خراپ‌بێت» . هەردوولا هەڕەشەو گوڕەشەیان لەیەك‌ئەکرد ، بەلام وادەرئەکەوت هەر یەکەیان لەسەر راو هەڵوێستی خۆی مایەوە[٣٥] .

لە بەهاری ساڵی ١٨٩٩دا ، موراڤێف ، پیلانێکی تری دانا ، کە بریتی‌بوو لەوەی والەتورکیا بکرێت رازیی بێت بە گەڕانەوەی تەنیا دە هەزار لە سێ هەزار ئەرمەنە هەڵاتووەکان‌و ئەوانەی ئەمێننەوە لە هەر شوێنێك بێ دامەزرێن[٣٦] . زینۆڤیف ئەوەشیی لە پیتربورگ گەیاند کە لەو چەند مانگەی دووایید‌ا دۆخی ناوەوەی ئەنادۆلی رۆژهەلات لە رووی گەڕاندنەوەی ئەرمەنەکان بەرەو خراپ‌بوون چووە .

بەگە کوردەکان – زینۆڤیف ئەنووسێت – بەشێکی زۆری زەوی‌و زاری ئەرمەنەکانیان داگیر کردووە ، جا بۆ ئەوەی ئەرمەنەکان بتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان ، ئەبێ ئەو زەوی‌و زارانە لە خاوەنە نوێیەکانیان بسێندرێنەوە . کاربەدەستانی تورکیاش حەز لەمە ناکەن . بە تایبەتی لە ترسیی ئەوەی کێشەو دەردە کۆنەکە ، واتە کێشەی ئیسلاحات لە ئاسیای بچووکدا سەر لە نوێ راست‌بێتەوە . ئەو کێشەیەی دەوڵەتە مەزنەکان ئەیکەنە بیانوو داردەست بۆ ئەوەی لووت بخەنە کاروباریی ناوەوەی تورکیا ، بە جۆرێك بە دڵی رووسیا نەبێت . لە «کۆتاییدا ، زینۆڤیف رایەکی‌تر پێشنیار ئەکات ، کە بریتی‌یە لەوەی پێویست بە ناردنەوەی ئەو ئەرمەنی‌یانە ناکات کە لە رووسیا کاریان دۆزیوەتەوە .

نیکۆلای دووەم ، دەربارەی ئەم هەموو دەنگ‌و باسە بەم شێوە (دادپەروەرانە) راو هەڵوێستی خۆی ئەنووسێ : « هەر چونێك بێت با جارێ چاو لەم کێشەیە بقوچێنرێت دووا بخرێت»[٣٧] .

لە نامەیەکدا کە موراێڤ بۆ نیکۆلای دووەمی نووسیوە تیا هاتووە :

«با ئەو پێشنیارە بدرێت بە عەبدول حەمیدی دووەم کە بەرامبەر بەوەی رووسیا تەنازولاتی لەچەند کێشەیەکی سیاسیی‌بکات ، با ئەویش لە کێشەکەی ئەرمەندا کاریان بۆ سووك بکات[٣٨] .» . هەر لەم رووەشەوە وەزیری کاروباری دەرەوە چەند ئامۆژگاری‌یەکی بۆ زینۆڤیف ناردو داوای لێ کرد وابکات تورکیا بە گەڕانەوەی دە هەزار ئەرمەنی قایل‌بێت[٣٩] . بەلام زۆری نەبرد رووسیا لەوە دڵنیابوو کە لەم رووەوە هیچی لە ئەستەمووڵەوە دەست ناکەوێ . بەم جۆرە تورکیا توانی دەستکەوتێکی سیاسیی چنگ بخات .

بەمەش هەقی خۆی لەو سەرپێ دانەوانەی رووسیا لە رێك خستنی رووداوەکانی سەر سنووردا پێی‌کرد .

تیژ بوون وناخۆش بوونی پەیوەندی نێوان رووسیاو تورکیا لە سەر کێشەی گەڕانەوەی ئەرمەنە هەڵاتووەکان ، دەری خست کە تای تەرازووی سیاسیی لە کوردستاندا لەق بووەو لەوانەیە مەترسیی‌و تەقاندنەوەی رووداو بە دووای خوێدا بهێنێ . بە گشتی کێشەکەی کورد چەند ماناو ناوەرۆکێکی گەورەی هەبوو . لە رووی پەیوەندی کوردو ئەرمەن‌و کوردو تورك‌و رووس‌و ئەرمەن‌و رووس‌و کوردیشەوە شوێنێکی تایبەتی هەبوو ، هەموو ئەوانە لە گەڵ نیازو مەبەستی چەسپاندنی دۆخی

رۆژهەڵاتی ناوەند بە یەکدا لکابوون . لەبەر ئەمە دام‌و دەستگای رووسیای قەیسەریی ، ئەوەی خستە بەر دەم خۆی . تاچ رادەیەك مەسەلەی کورد نرخی پێ‌دراوە ؟ هەروەها ئەوەش خرایە بەردەم . چۆن کوردەکانی دەرەوەی رووسیا بەلای خۆیانا رابکێشن . هەروەها باسی ئەوەش‌کرا چ رێی‌و شوێنێك بگرن . هەتا بتوانن دەسەڵات‌و نفوزی رووسیا لەناو کوردەکاندا بەهێز بکەن‌و چۆن تەشەنە کردنی سیاسیی رووسیا لە کوردستاندا سەرخەن‌و قایم بکەن .

مووچە خۆرەکانی رووسیای قەیسەری ، بە هۆی ئەوەی لەوێ ئیشیان ئەکردوو کوردەکانیان ئەناسیی‌و شارەزای دۆخی کوردستان‌بوون ، ئەوانە لە هەمووان زیاتر ئاوریان لە کوردەکان ئەدایەوەو بە تەنگیانەوە بوون . هەر بۆ نموونە ، سکریابینی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزروم ، سەرنج بەرەو ئەو راستی‌یە رائەکێشیت بەوەی ئەنووسێ .

«ئەوەی لەم رۆژانەدا زۆر پێویستە ئەوەیە لە ناخەوە ، لە وردترین شتێکدا ، ناوی رووسیاو نفوزی رووسیا لەبەر چاوبێت ، بە تایبەتی لە ناو کوردەکاندا ، ئەوانەی تا ئەم ساتە دانیان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا نەناوەو سەریان بۆ نەواندووە . ئەو کوردانەی لە شەرەکانی قەفقاسدا ئێمەیان خوێندەوە . ئەبێ ئێمەش بۆ دوواڕۆژ بیانخوێنینەوەو حیسابیان بۆ بکەین» . لە رووی گرنگیی ئەم ئەرك‌و کارەوە . واتە رێگا دۆزینەوە بۆ چوونە ناو کوردەکانەوە ، سکریابین ، — لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەو ورد بوونەوە لە کوردەکان — دێتە سەر ئەوەی رای خۆی بەم جۆرە دەربڕێت‌و بڵێ «لە ناو کوردەکاندا ئەو رایە بڵاوە کە رووسیا زۆر دادپەروەرترو بە هێزو دەسەڵات‌ترە لە تورکیا ، ئەبێ ئێمەش ئەم هەلە لە دەست نەدەین‌و نەیەڵین زەمانە بە جێمان بهێڵی ، بە تایبەتی تورکیا خۆی لەناو کوردەکاندا ئەباتە پێشێ‌و سەرۆکەکانیان ئەبات بۆ سوپای حەمیدی[٤٠] .» .

باشترین پێشنیارێك کە بۆ کێشەکەی کورد کرابێت ئەوەیە کە ئیڤانۆڤی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لە بایەزید کردی . ئیڤانۆڤ لەم رووەوە ئەنووسێت : «پێویستە چەند بە تالیونێك لە کوردەکانی رووسیا . یان هێزێکی سوارەی کورد ، وەك ئەوانەی لە تورکیانەکان پێك هاتوون . لە کوردەکانیش دروست بکرێت ، بەوە نارەزایی کوردەکانمان ئەسرینەوە . ئەبێ ئاگاداریی ئەمانە بکەین : یەکەم ، چاودێری دۆخی ئابووری کوردەکانمان بکەین‌و دووەم ، هەوڵ بدەین خوێندەواری لە ناویانا بڵاو بکەینەوە . ئیڤانۆڤ ، چاوی بڕیبووە کێشەی خوێندەواریی ، چونکە هوشیاربوونەوەی کوردەکان‌و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی لە ناویانا ، ئەبووە کۆسپێك لە رێی دەوڵەتی عوسمانیدا کە بە ناوی ئیسلام‌و لە ژێر پەردەی ئیسلامدا پروپاگاندەی ئەکردوو کوردەکانیان لە رووسیاو لە ئەرمەن راست ئەکردەوەو رق‌و کینەیان ئەخستە دڵیانەوە . با قوتابخانەکانمان وا لە کوردەکان بکات‌و فێری ئەوەیان بکات کە بە رەگەز لەگەڵ تورکەکاندا جیاوازن .

ئیڤانۆڤ کە ئەمانە ئەنووسێت ، ئەوەش لە یاد ناکات داوا بکات دۆخی ئابووری ناوچەکانی ئەودیو قەفقاس چاك بکرێت‌و پێش بخرێت‌و پەیوەندی ئابووریان لەگەڵ کوردستاندا بەهێز بکرێت ، بۆ ئەوەی کوردستان پشت بە رووسیا ببەستێت‌و هەتا لەو رێگەیەشەوە نفوزو دەسەڵاتی سیاسیی رووسیا تەشەنە بکات‌و جێ پێی خۆی قایم بکات»[٤١] .

لە پیتربورگ‌و لە تفلیس ، بە کەم تەرخەمی‌یەوە روانیانە ئەم پێشنیارانەو بە هەوڵ‌و کارێکی بێ ئەنجام‌و بۆشیان دانا . بەڵام لە هەمان کاتیشدا ، کاربەدەستانی رووسیاو دام‌و دەستگاکەی قەیسەر ، بەرە بەرە ، هاتنە سەر ئەوەی دان بە وەدا بنێن کە پێویستە لە هەموو روویەکەوە لە کوردستان وردبینەوەو پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆکە هەرە گەورەکانی کوردا پەیدا بکەن . لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩١دا ، جەنەراڵ ئەبروچیڤ ، داوای لە زینۆڤیف‌کرد ، کە ئەوسا سەرۆکی بەشی ئاسایش‌بوو لە وەزارەتی کارو باری دەرەوەدا ، بە وردی

ـنگای لە دۆخی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات بێت‌و بەشی شەشەمی هێزەکەی ئەوێ بە هێز بکات‌و لە کوردەکان پەل‌و لق سوارە پێك بهێنێ .

هەر لەبەر ئەمە ، وەکو ئەبروچێف ئەنووسێ ، ئەبێ بە ڕووترین کات ، لە شوێنی جەنەراڵ (دینیتا)ی ، یاریدەدەری کۆنسوڵی پێشووی لێ‌خراو ، یاریدەدەرێکی‌تری کونسوڵ لە ئەرزروم دابنرێت[٤٢] . لەوساوە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیاو چەند دەستگایەکی تری ناسراوی رووسیا ، کەوتنە ئەوەی بە قووڵی لە کوردستان‌و دانیشتوانەکەی ورد ببنەوە . ئەمەش بووە مایەی مەترسی‌یەکی گەورە بۆ حکومەتی سوڵتان بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٣دا ، پرۆژەیەك دانرا بۆ ئەوەی بیعسەیەکی جوغرافی بۆ کوردستان‌و میسوپۆتامیا بنێردرێت . عەبدول‌حەمید ، خێرا داوای لە زینۆڤیف‌کرد ، بە هەر حاڵێك بێ ناردنی ئەو بیعسەیە ، هیچ نەبێ بۆ ساڵێك دووا بخرێت . بیانووەکەشی ئەوەبوو ، بەریتانیاش هەلی وەها لە دەستی خۆی نادات‌و داوا ئەکات ئەویش بیعسەکی خۆی بۆ ناوچەکانی خوارووی تورکیا بنێرێت .

زینۆڤیف لەم ڕووەوە ئەنووسێت : «گەورەترین هۆکەوا لە تورکیا ئەکات لەم بیعسەیە بسڵەمێتەوە و کۆسپ بێنێتە ڕێی ، ئەوەیە نیازو مەبەستێکی نهێنی هەبێت . باڵیۆزی رووسیا هەوڵێکی زۆری‌دا ، بێ وچان سەری ئەکردە سەر کاربەدەستانی تورکیا ، بەڵام سوڵتان ، بە تایبەتی لە سەرەتادا رازی نەئەبوو بەڵێنی نەئەدا ، بەڵام لە دووایی‌دا باڵیۆزی رووسیا ، توانی کەللەرەقێتی کاربەدەستانی تورك نەرم بکات ، بەس بەو مەرجەی ژمارەی ئەندامانی بیعسەکە کەم بکرێتەوە[٤٣] .» . هەر لەم ماوەیەشدا ئاورێکی زۆر لە کوردو پەیوەندی نێوان میللەتەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژ هەڵات درایەوە .[٤٤] . ئەوانەی بە زۆری ئاوریان لە کوردەکان ئەدایەوە ، نوێنەرە سیاسی‌یەکانی رووسیابوون . ئەوانەی لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ئیشیان ئەکردو زۆر جار بە شێوەیەکی تایبەتی سەریان لە سەرۆکە کوردەکان ئەداو دیاری بە بایەخیان ئەدانێ ، واتە ئەو جۆرە دیاریانەی لای کوردەکان بە نرخ بوون ، وەك چەك . هەروەها سەریان لە پیاوە ئایینی‌یە پیرۆزەکانی کوردو شوێنە پیرۆزەکان ئەدا[٤٥] . جارەهای جاریش هەوڵ‌ئەدرا . لە ڕێی کوردە موسڵمانەکانی رووسیاوە ، ئەوانەی سەریان لە کوردستان ئەدا ، پروپاگاندە بۆ سوودو چاکەی رووسیا بکرێت . لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠١دا ، (رایبۆ)ی ، یاریدە دەری کۆنسوڵی فەرەنسا لە ئەرزروم ، (دیل کاسێ)ی ، وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسای ئاگادار کرد کە لەوێ قاو وایە ، کە ئەوانە لە گەڵ **سەرکردەکانی سوپای** حەمیدیا گفتوگۆیان کردووەو لە سەر ئەوە **ڕێك کەوتوون . کە** ئەگەر هاتو شەڕ لە نێوان رووسیاو **تورکیا داگیرسا ، لا بدەنە** لای رووسیا .

وادیارە ئەم دەنگ‌و باسە زۆری خراوەتە سەر . بەڵگەش ئەوەیە یاریدەدەری کۆنسوڵی فەرەنسا هەموو ئەو دەنگ‌و باس‌و هەواڵە دوور لە ڕاستیانەی ئەنارد هەتا سیاسەتی رووسیا بە خراپ‌و قەڵب‌و نارەوا بخاتە بەر چاو . بۆ نموونە هەرگیز ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە رووسەکان ئاگری شەڕو ئاشووبەی نێوان کوردو ئەرمەنەکان خۆش ئەکەن ، بەو نیازەی ئەو ناوچانە لە تورکیا بکەنەوە[٤٦] . ئەمە لە کاتێکدا ، هەموو سەرچاوەکان ئەوە بە درۆ ئەخەنەوەو ڕاست‌و ڕەوان دەری ئەخەن کە سیاسەتی دەرەوەی رووسیا هەرگیز بریتی بووە لەوەی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا چەسپاوبێت . هەرچۆنێك بێ . نوێنەرەکانی رووسیا هەوڵیان داوە – جا با ئەو هەوڵدانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووبێ – پەیوەندی لە گەڵ کوردەکانی دەرەوەی رووسیا پەیدا بکەن . بەو نیازەی دەسەڵاتێکی سیاسی‌یان لە کوردستاندا هەبێت .

لە ساڵی ١٩٠٤–١٩٠٥دا ، ساڵی شەڕەکەی نێوان رووسیاو یاپوندا سەر لە نوێ پەیوەندی نێوان رووسیاو تورکیا تێك چووەوە . هەر ئەوەندەی شەڕ داگیرسا ، زینۆڤیف خێرا

کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ زەکی پاشای سکرتێری دووەمی سوڵتان عەبدولحەمید . بە واتەی زەکی پاشا ، عەبدولحەمید هاوهەستی خۆی پیشان رووسیاداوە ، بگرە فەرمانی داوە بە سەرۆکی هێزی چوارەم ، چەند هەزار کوردێکی پڕ چەك کۆ بکاتەوەو رەوانەی قەفقاسیان بکات‌و لەوێ ئامادە بن بۆ ئەوەی کاربەدەستانی رووس کەی ویستیان رەوانەی جەبهەیان بکەن[47] ، (واتە جەبهەی شەڕی نێوان رووسیاو یاپۆن) . بەڵام زینۆڤیف ئەمەی بەگوێدا ناچێت‌و بڕوای پێ ناکات ، چونکە لەوە دڵنیابووە کە سوڵتان هەر لە خۆیەوە ئەو بەڵێنەی داوەو فێڵیان لێ ئەکات‌و چاوەڕوانی ئەنجامی شەڕەکانی جەبهەی ئۆکیانی هێمن ئەکات .

لەراستیش‌دا هەر وادەرچوو . هەر ئەوەندەی هەواڵی نەهامەتی سوپاو ئوستۆلی رووسیا لە رۆژهەڵاتی دووردا بڵاوبۆوە ، پەیوەندی نێوان رووسیاو تورکیا تێك‌چوو . کاربەدەستانی عوسمانی دەست‌وبرد کەوتنە خۆئامادە کردن بۆ شەڕ لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا . یەکێك لەو خۆ ئامادەکردنەش پێك هێنانی سوپای حەمیدی بوو . هەموو ئەو کوردانەی لەبەر هەر هۆیەك بێ لە رووسیا گیرسابوونەوە ، بە ناوی ئەوەی گوایە ئەرمەنەکان خەریکی راست بوونەوەو راپەڕینن ، بانگ کرانەوە[48] . کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی‌و تارادەیەك کوردەکانی ئێرانیش ، ئەوانەی لە سوپای حەمیدی‌دابوون یان لەو سوپایەدا نەبوون لەسەر سنوورەکانی رووسیا گردکرانەوە . لەناو دانیشتوانی ئەنادۆڵی رۆژ هەڵاتدا قاو کەوتەوە ، کە شەڕی نێوان تورکیاو رووسیا زوو نابات دائەگیرسێتەوە . بە واتەی چەند دەنگ‌و باسێك لە نیسانی ساڵی ١٩٠٤دا ، سوپای عوسمانی (بە حەمیدی‌یەکانەوە) کە لە ویلاتە رۆژهەڵاتەکانی تورکیدا لە نزیك سنووری رووسیا کۆکرابوونەوە ، ژمارەی ئەو سوپایە زیادکراو گەیشتە (٢٠٠) هەزار . ئەوی راستی‌بێت هەموو لق‌و پەلەکانی هێزی چوارەم ئامادەبوون بۆ شەڕ[49] . لە هەمان کاتیشدا رووداو لە سنوورەکانی لای قەفقاسەوە دەستی پێ‌کرد . لە (٢٠)ی حوزەیران بەیەکاچوونێکی چەکدار رووی‌دا . لە (٢٨)ی ، ئەو مانگەشدا هێزی سوپایی عوسمانی‌و حەمیدی‌یەکان پەلاماری سنوورەکانی رووسیایان‌دا . لە «(٢٨)ی ، ئابیشدا ، سەربازەکانی عوسمانی‌و حەمیدی ، سەرلەنوێ سنووریان بڕی‌و پەڕینەوە . لە ئەیلوولدا بە یەکاچوونێك لە گەڵ قاچاخ چی‌یەکاندا رووی‌دا ، سەربازە عوسمانی‌یەکان یارمەتی‌یان ئەدان .

لە (٣٠)ی ئەیلوولدا تەقە پەیدا بۆوە[50] . لە ناوەراستی مارتی ساڵی ١٩٠٤دا ، بە فەرمانی چاری رووسیا ، زینوڤیف داوای لە تورکیا کرد هۆی ئەو خۆ بۆ جەنگ ئامادەکردنە روون بکاتەوە ؟ وەلامی تورکیاش بریتی‌بوو لەوەی کە تورکیا لە تاو بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەرمەنەکان‌و بۆ بەرهەڵستی کردنی پەلاماردان‌و هێرسی چەتەکانی ئەرمەن کە لە رووسیاوە ئەیکەنە سەر تورکیا ، ناچارە خۆی ئامادە بکات[51]

(١) — فەسلی سێهەمی کتێبی «کێشەکەی کورد» . نووسینی . د . م . س لازارێف وەرگێڕ لە رووسی‌یەوە : د . کاوس قەفتان

پەراوێزەکانی فەسلی سێهەم :

١ – ف . ف . مینوزسکی . کورد تێبینی‌و سەرنج . «دەنگ‌و باسی وەزارەتی دەرموە» ، کتێبی ٣٠ ، ١٩١٥ . لاپەڕە . ٢٢٩

٢ – تساگ ف نی ئا ، بەشی . ٤٤٦ . باسی ، ٤٨ . لاپەڕە . ٩٢ . ئەرشیفی میژوویی مەرکەزیی ، جورجیا ، یەکێتی کۆمارە شوورەوی‌یەکان . بەشی . ٥٢١ . باسی . ٣١٠ ، (لەدووایدا ، تساگ نی ئا س س‌و) .

ئاف‌پ‌ر ، بەشی «خوانەکەی تورکیا (نوێ) » . ١٨٩٤ . باسی . ٣٦٠٠ . لاپەڕە . ١-٢ ، «خوانەکەی تورکیا (کۆن)» . ١٨٩٨-١٩٠٤ . باسی . ٣٦٠٠ . ٣٦١٢ . ٣٦٢٤-٣٦٢٧ ، ٣٦٣٠ . ٣٦٣٢ . ٣٦٣٣ .

٣ – ئاف‌پ‌ر . بەشی . «خوانەکەی تورکیا (نوێ)» . ١٨٩٩-١٩٠١ . . باسی . ٣٦٣٣ ، لاپەڕە . ١٠

٤ – هەمان سەرچاوە ، ١٨٩٩ . . باسی . ٣٦٣٢ . لاپەڕە . ٣٢ ٣٣

٥ – هەمان سەرچاوە ، ١٨٩٩-١٩٠١ . باسی . ٣٦٣٣ . لاپەڕە . ٨٩

٦ – سەیری ، تساگ نی ئا جورجیا . س‌س‌ر . بکە . بەشی . ٥٢١ . فایلی . ٢ . باسی . ٣٠٢ ، لاپەڕە . ٦

٧ – تساگ ف نی ئا . بەشی . ٤٥٠ . باسی . ٥٠ . تساگ نی ئا . جۆرجیا . س‌س‌ر . بەشی . ٥١٢ ، فایلی . ٢٠ . باسی . ٣٠٢ . لاپەڕە . ١ . ٦٠ .

٨ – تساگ‌ف‌ن‌ئا ، بەشی . ٤٥٠ ، باسی . ١٢٧ ، لاپەرە . ٥٠

٩ – بۆرچێفسکی ، فەرماندەی هێزی یانزەهەمی پاراستنی سنووری موتەسەریفیەتی یەریڤان ئەنووسێت : جاران ، کاتێك سنوورەکانی نێوان رووسیاو تورکیا پاراستنیان نەبوو ، کوردەکانی رووسیاو تورکیا کە خزمایەتی‌یان لەگەڵ یەکدا هەبوو ، بەسەربەستی هاتوو چۆیان ئەکرد . ئەم هاتوو چۆیەش بۆ لەوەڕو سەرچاوەی ئاوو شتی‌تر بوو .

بەڵام لە مایسی ساڵی ١٨٩٩دا ، هێزێکی تایبەتی گەیشتە ناوچەی ئاراراتو ئەو رێگایەی داخست کە لە هەمان کاتیشدا رێگایەکی گەورەی قاچاخ‌چێتیش بوو . لەم شوێنەدا بەیەکاچوون دەستی پی‌کرد ، چونکە ناردنی ئەو هێزە بەدڵی کوردەکانی رووسیاو تورکیا نەبوو . (ئاف‌پر ، بەشی . «خوانەکەی تورکیا (نوێ)» ، ١٨٩٩ . ، باسی ٣٦٣٢ ، لاپەرە . ٢٧–٢٨) .

١٠ – ئاف‌پر ، بەشی . «باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ» ، ١٩٠٥ . ، باسی . ٤٠٨٣ ، لاپەرە . ٢٨–٣٦ .

١١ – ك . ن . سمیرنۆڤ ، گەشتێك بەباکووری کوردستاندا ، – «دەنگ‌و باسی بەشی قەفقاس ، ئی‌رگ‌ئۆ» ، بەرگی . ١٧ ، ١٩٠٤ . ، لاپەرە . ٣٢٦ .

١٢ – ئاف‌پر ، بەشی . «باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ» . . ١٩٠٥ . ، باسی . ٤٠٨٤ . لاپەرە . ٣٢–٣٣

١٣ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» ، ١٨٩٧ . ، باسی . ٣٩ ، لاپەرە . ٢٣–٢٤

١٤ – هەمان سەرچاوە ، باسی . ٤١ ، لاپەرە . ٢ ، ١١ ، ١٢ .

١٥ – ئاف‌پر ، بەشی . «باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ» . ١٨٩٨–١٩٠٩ . ، باسی . ٣٧٠٦ ، لاپەرە . ٦–٧

١٦ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٨٩٦ . ، باسی . ٩٨٧ . لاپەرە . ١٦٤ ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی کاروباری دەرەوە» . ١٨٩٥ . ، باسی . ٢٧ . لاپەرە . ١٢ ، بەشی . «خوانەکەی تورکیا (نوێ)» . ١٨٩٤ . ، باسی . ٣٦١٠ . لاپەرە . ٤–٥

١٧ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی کاروباری دەرەوە» . ١٨٩٨ . ، باسی . ٢٨ . لاپەرە . ٣٨–٣٩

١٨ – هەمان سەرچاوە ، ١٨٩٩ . ، باسی . ٢٦ . ، لاپەرە . ٧٤

١٩ – ئاف‌پر ، بەشی . «خوانەکەی تورکیا (نوێ)» . ١٨٩٩ . ، باسی . ٣٦٣٢ . لاپەرە . ٦

٢٠ – هەمان سەرچاوە . ١٨٩٩–١٩٠١ . ، باسی . ٣٦٣٣ . لاپەرە . ٥٤

٢١ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی دەرەوە» . ١٨٩٩ . ، باسی . ٢٧ . لاپەرە . ٨٦–٨٧

٢٢ – ئاف‌پر ، بەشی . « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ» . ١٩٠٥ . ، باسی . ٢٦٧٣ . لاپەرە . ٢٠–٢٢

٢٣ – تساگ‌ف‌ن‌ئا ، بەشی . ٤٥٠ (کۆمەڵە کەرەستەی کۆکراوە دەربارەی مێژووی رووسیا) ، باسی . ١٢٧ . لاپەرە . ١–٦ . ٩–١٠ .

٢٤ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» . ١٩٠٠ . ، باسی . ٢٩ . لاپەرە . ٣٢٧ ، ٣٣١

٢٥ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٩٠٠ . ، باسی . ١٦٣٦ . لاپەرە . ٥٨ .

٢٦ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . . .» . ١٩٠٠ . ، باسی . ٢٩ . لاپەرە . ٨

٢٧ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٩٠١ . باسی . ٥٦ . لاپەرە . ٢

٢٨ – هەروا بە خۆڕایی نەبوو کە زینۆڤیف بە شانازی‌یەوە نووسی کە ئەم گفتوگۆیە تەنۆ جۆشێکی «چۆن بە باڵیۆزخانەکەدا ، وەهاش دای بە کونسوڵخانەکەی ئەرزروم» . (ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارتی . . .» ، ١٩٠١ . ، باسی . ٢٤ ، لاپەرە . ١٦٦ .

٢٩ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» ، ١٩٠١ ، باسی . ٥٧ لاپەرە . ٩٢

٣٠ – هەمان سەرچاوە ، ١٨٩٨ . ، باسی . ٤٣ ، لاپەرە . ٩٩

٣١ – هەمان سەرچاوە . لاپەرە . ١٠١

٣٢ – هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ١٣٨–١٣٩

٣٣ – هەمان سەرچاوە لاپەرە . ١٤٦

٣٤ – هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ١٨٩–١٩٠

٣٥ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» ، ١٨٩٩ . ، باسی . ٣٥ ، بەرگی . ١ ، لاپەرە . ٢٧١

٣٦ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٨٩٩ . ، باسی . ٤٧ . لاپەرە . ١٠٠–١٠٤

٣٧ – هەمان سەرچاوە ، باسی . ٤٨ . لاپەرە . ٣–٤

٣٨ – هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ٥

٣٩ – هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ٨–٩

٤٠ – ئاف‌پر ، بەشی . «باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ» . ١٩٠١–١٩٠٤ . باسی . ٤٤٩٢ ، لاپەرە . ١٩–٢٠

٤١ – هەمان سەرچاوە ، ١٩٠٥ . باسی . ٤٠٨٣ . لاپەرە . ٣٤–٣٦

٤٢ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٨٩١–١٩١٤ . ، باسی . ٢٩٤٥ . لاپەرە . ١

٤٣ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» . ١٩٠٣ . ، باسی . ٢٨ . لاپەرە . ٢٧٢–٢٨٢ .

٤٤ – پ . ئا . تۆمیلۆف ، لەو رایۆرتەیا کە دەربارەی گەشتەکەی بەکوردستاندا کردی لە هاوینی ساڵی ١٩٠٣دا بەم جۆرەی خوارەوە ئەنووسێت : « . . کێشەی نەتەوەیی لە تورکیا ، لە رووی پەیوەندی جەنگی‌یەوە ، دەورێکی گرنگ بگرە یەکالاکەرەوەی هەیە .» . (تێبینی‌یەکانی موقەدەم تۆمیلۆف دەربارەی گەشتەکەی بە ئاسیای تورکیادا ساڵی ١٩٠٤ – بارەگای گشتی – بەشی . ١ . س‌پ‌ب . ، (لاپەرە . ٤)

٤٥ –

(Documents diplomatiques francais 112 – me serie, vol. 1. P. 614

٤٦ –

ibid . PP. 664 – 665

٤٧ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» . ١٩٠٤ . ، باسی . ٢٦ . لاپەرە . ٥٥–٥٦

٤٨ – تساگ‌ن‌ئا ، جورجیا س‌س‌ر . بەشی . ٥٢١ . فایلی . ٢ . ، ١٩٠٤ . باسی . ٣١٠

٤٩ – ئاف‌پر . بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» . ١٩٠٤ . باسی . ٢٦ . لاپەرە . ١٧٠ . باسی . ٢٧ ، لاپەرە . ٧٨ . باسی . ٢٩ . لاپەرە . ٤٥٠–٤٩٩ . بەشی . «ئەرشیفی سیاسی» . ١٩٠٤ ، باسی . ١٦٤٠ ، لاپەرە . ٦٢

٥٠ – ئاف‌پر ، بەشی . « خوانەکەی تورکیا (نوێ)» . ١٩٠٥ . باسی ٦٩٦٨٠ . لاپەرە . ١–٥ ، بەشی . «خوانەکەی ئێران» . ١٩٠٥ . ، باسی . ١٦ . لاپەرە . ٢ . ٤

٥١ – ئاف‌پر ، بەشی . «ئەوراق وەزارەتی . .» . ١٩٠٤ . ، باسی . ٢٦ . لاپەرە . ١٧٠–١٧٤